# شەهید ئارام و دڵسۆزیی بێ زانیاری سەفین عومەر!

**ئاگادارێك**

لەکوردستانێت دا رۆژی (٣ / ٢ / ٢٠٠٣) کاك سەفین عومەر نوسینێکی بەناوی (لەیادی شەهید ئارامی سەرکردەدا!!) لە وەڵامدانەوەی نوسینێکی کاك (مەلا بەختیار) لەیادی شەهید ئارام، نوسیووە.

سەفین. . لەسەر ئەو پەرەگراف و دێرانە قەڵسە کە کاك مەلا بەختیار هەندێك بیروڕای شەهید ئارامی لەسەر یەکێتیی و مام جەلال دەربڕیووە. وەکو (ئاگادارێك) لەو مێژووە پێم خۆشە چەند راستیەك لەم بارەوە بڵێم.

یەکەم: کاك سەفین عومەر، لە دنیای سیاسەتدا و لەو مێژووە پڕ لە چەرمەسەرییەدا، کەسێکی نەناسراوە. ناشزانرێ چەند دوور یان نزیك شەهید ئارام دەناسێ. یان چەند ئاگاداری هاوڕێیەتی شەهید ئارام و مەلابەختیار و باقی هاوڕێکانێتی (تەنانەت وێدەچێ ناوی خوازراویشی هەڵبژاردبێ) چونکە دەزانێ گەر ناوە ڕاستەقینەکەی بنوسێ ئیتر دەزانرێ چەند شەهیدا ئارام دەناسێ و چەندیش بۆچونەکانی راست یان ناڕاستن. کە ئەو زانیاریانەش لەسەر کاك (سەفین) نەزانرێن، ئاسان نییە دووروونزیك باوەڕ بە قسەکانی بکرێ. قسەکانی تەنها دەخرێنە خانەی لێکدانەوەی بێزانیاری لەسەر ئەو روداوانەی رابوردوو کە جارێ زۆریان نەنوسراوون.

دووەم: شەهید ئارام. . لە یەکەمین ژمارەی (ئاڵای شۆڕش) دا گرنگترین گوتاری ژمارەکەی بۆ گرنگی (ی. ن. ك) لەو قۆناغە سەختەی خەباتدا نووسیوە. کە ئەم گوتارەشی نوسیووە، چاك چاك زانیویەتی (مام جەلال) سکرتێری یەکێتییە.

سێهەم: شەهید ئارام یەکەمین کەس بووە نامیلکەی (الأتحاد الوطني لماذا؟) ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کە نامیلکەکەی وەرگێڕاوە، چاك چاك زانیویەتی کە مام جەلال نوسیویەتی.

چوارەم: کە شەهید ئارام بڕیاری بەرپابونی شۆڕشی نەدا هەتا نامەی مام جەلالی پێنەگەیشت، کە دەستیپێکرد، چاك چاك زانیویەتی مام جەلال رابەری شۆڕشەکەیە.

پێنجەم: شەهید ئارام، هەتا شەهید بووە لە هیچ نامە و نوسینێك و لە هیچ کۆبونەوەیەکی رەسمیدا، دژی یەکێتیی و مام جەلال قسەی نەکردووە.

شەشەم: شەهید ئارام، لە بەرپابونی شۆڕشو لەکاتی گەڕانەوەی مام جەلالدا، دەیان کەسی زیندوو هەن لەگەڵیا بون و لەگەڵیا ژیاون و هەشن شەووڕۆژ لەوکاتانەدا لەتەکیا بوون، با یەکێکیان بەبەڵگەوە قسە و بۆچونێك لەسەر شەهید ئارام بسەلمێنێ کە دژی مام جەلال بوبێ. لەوانەی زیندون و لەگەڵیا بون: سالار عەزیز، مەلا بەختیار، ئاوات قارەمانی، بەکری حاجی سەفەر، شێخ عەلی، مام رۆستەم، مەولود گوربازی، لەتیفی شێخ عومەر، تەها باراوی، خەبات (لە ڤییەنایە) ، ملازم عومەر، دلێری سەید مەجید، ئاوات عەبدولغەفور، ئازادی سەگرمە، کاك وەهاب، شۆڕش ئیسماعیل، هاوڕێ جەبار، حەمەسەعیدە قەڵەو، کاك نەبەز، کاك فازیل، دەکرێ. . ناوی دەیان کەسی تر بنوسرێ کە هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید ئارام بون و لە

کەسانی وەکو کاك (سەفین) زۆر زۆر زیاتر ئەم شەهیدە نەمرە دەناسن، هەتا ئێستاش کەسیان لەبارەی ناکۆکی ئارام و مام جەلالیان نەنوسیووە.

حەوتەم: شەهید ئارام، بێگومان بۆچونی جیاواز و رەخنەی لەسەر بیر و سیاسەتی کۆمەڵە هەبوو. سەبارەت بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی و گۆڕینی رەوتی شۆڕشەکەش لە چۆنایەتیەوە بۆ چەندایەتیەکی کۆنترۆڵنەکراو، رەخنەی زۆری هەبوو. بەلاّم هیچی ئەمانە نەگەیشتبونە ئەوەی ئارام مام جەلالی قبولّ نەبێ، یان بە رابەری شۆڕشەکەی نەزانیبێ. بەڵکو بەپێچەوانەوە، پێی وابو بەگەڕانەوەی مام جەلال ئەو کێشانە چارەسەردەکرێن. دوای ئارام. . سکرتێری کۆمەڵە (کاك نەوشیروان) یش بەهەمان شێوە، بەڵکو زیاتریش بۆچونی تایبەتی بۆ کۆمەڵە هەبووە. بیری جیاوازیشی لەگەڵ مام جەلال لەسەر کۆمەڵێك شت هەبووە. بەلاّم هەرگیز نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەم دوو زاتە لێك دابڕێن، یان دژایەتی یەکتر بکەن.

هەشتەم: ئەگەر (سەفین) هیچی ئەوانەی قبولّ نییە و سورە لەسەرئەوەی شەهید ئارام دژی مام جەلال بووە، باشترین بەلگە بۆ راستی مەسەلەکە، چەند نامەیەکی شەهید ئارامە کە بۆ مام جەلالی نوسیوە و هەمووشی هەلگیراوون. لەو نامانەدا شەهید ئارم بەوپەڕی رێزەوە گفتوگۆ لەگەڵ مام جەلال و لەهەموو نامەیەکیشدا، بەپەرۆشەوە داوای گەڕانەوەی بۆ ناو شۆڕش لەسوریاوە دەکا.

دەمێنێتەوە بە کاکە سەفین بلێین: باوەڕناکەین بەم جۆرە بیروڕایانە بتوانیت دلّسۆزی خۆت بۆ شەهید ئارام زیاتر لە هاوڕێ گیانی بەگیانیەکانی ئەو نەمرە، بسەلمێنیت. لەباتی ئەم قسانە لەسەر رابوردوو، یان لەسەر شەهیدانی ناوداری شۆڕش، وا چاکە قسە لەسەر ئێستا و ئایندە بکەیت. چونکە روداوەنەنوسراوەکانی رابوردوو تەنها ئەو کەسانە ئەتوانن بەوردی و بابەتی قسەی‌لەسەر بکن کە لەناو روداوەکانا بون. کە هاوڕێی یەك بون. کە هەرگیز خیانەتیان لەیەکو سەنگەریان چۆلّ نەکردووە.

لە دوورەوە خملّ لێدان لەسەر شەهیدی وەکو ئارام و هاوڕێکانی. . نەك وەکو ئەوە وایە تفەنگ بە تاریکیەوە بنرێ، بەڵکو وەکو ئەوە وایە نابینایەك بیەوێ لە چاوساغێك باشتر رەنگ لەیەك جیابکاتەوە.

لێگەڕێ کاکە سەفین. . مێژووی ئەم شۆڕشە، قارەمان و کارئەکتەر و هاودەمی روداوەکان بەویژدانەوە بینوسن. راستە جەنابت ناووت (سەفین) ە، بەلاّم باوەڕ ناکەم بەقەد پێشمەرگەکانی سەرەتای شۆڕش، شارەزای شاخی سەفین بی. باوەڕ ناکەم بزانیت زنوێر بە زنوێر و لوتکە بەلوتکەی (سەفین) چۆن هەلّکەوتون. لەدامێنی لوتکەکانەوە بڕوانە جوانی شاخی (سەفین) ، بەلاّم وەکو شاخەوانێکی شارەزا هەلّمەشاخە بەسەفین دا ! !

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەلاّم بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاّویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣